

ئەردەڵان عەبدوڵا

# خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی "ئایات شەیتانی"ی سەلمان روشدی

رۆمانی "ئایات شەیتانی"ی سەلمان روشدی، بە یەکێک لە بڤەترین کتێب دەژمێردرێت لە گێتی ئیسلامیدا. هەر ئەم بڤەکردن و حەرامکردنەش وای لە خەڵکێکی زۆر کردووە، کە بە تامەزرۆیەکی فرەوە هەوڵی دەستکەوتن و خوێندنەوەی ئەم رۆمانە بدەن. دیارە منیش یەکێک بووم لەو لەشکرە لەبن نەهاتووەی، کە حەزی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەم هەبووە. زۆر دەمێک بوو بە دوای ئەم رۆمانە سیحراوییەدا دەگەڕام. تا بەرێککەوتێکی زۆر سەیر دەستم کەوت. دیارە ئەم رۆمانە چەندین فەتوا ئاینی و سیاسی و رەخنەی ئەدەبی زۆری لەسەر نووسراوە. هەریەکە و بەپێی بیروبۆچوونی تایبەتی، رای خۆی دەربڕیوە. لێ



سەلمان روشدی

بەداخەوە هەتاوەکو ئێستا، من هیچ لێکۆڵینەوە یان وتارێکی کوردیم لەسەر ئەم رۆمانە بەرچاو نەکەوتووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا، خەوشێکی گەورەیە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی ئەم رۆمانە بکەم و، بۆچوونی خۆشم لەمەڕ ئەم رۆمانەوە دەرببڕم. ئەم رۆمانە لە سێ چیرۆکی سەرەکی پێکهاتووە و بەسەر ٩ بەش "فەسڵ" دابەش کراوە. چیرۆکی یەکەم "سەرەکی" باسی دوو کەسی جیاواز دەکات، کە هەر یەکەیان سەر بەچینێکی جیاواز و جیهانێکی تایبەتن. پاڵەوانی سەرەکی ئەم رۆمانە دوو کەسن " جبریل فاریشتا، سەلاحەدین شمشا".

جبریل فاریشتا کە ناوی ئەسڵی خۆی "ئیسماعیل نەجمەدین"ە، ئەکتەرێکی بەناوبانگی هندییە، لە یەکێک لە چینە هەژار و دەستکورتەکانی شاری بۆمبای لە دایک بووە. لە هەژارترین و دواکەوتووترین کۆڵانی بۆمبای ژیاوە. باوکی جبریل، کابرایەکی دەستگێڕ بووە، خواردنی لەسەر شەقامەکانی بۆمبای فرۆشتووە. دایکی ناوی دەگۆڕێت بە فاریشتا، چونکە زۆر منداڵێکی جوان بووە. پاش ماوەیەکی کەم دایکی پاسێکی نەفەرهەڵگر، لێی دەدا و دەمرێت. پاشان لەگەڵ باوکیدا پێکەوە دەژین و پێکەوەش لە ناو بازاڕ کار دەکەن. لە تەمەنی ٢٠ساڵیشدا باوکی دەمرێت. پاشان دەچێت لە ماڵی وەستای خواردن فرۆشەکانی بۆمبای "باباساحیب" دەژی. پاشان لەسەر پێشنیازی باباساحیب دەچێت لە بواری سینەمادا کار دەکات، چونکە بەتاکە رێگەی باش دادەنرێت، بۆ ژیانێکی باشتر و بەختەوەرتر.




لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا خۆی دەخاتە ناو جیهانی سینەماوە، هەتا ماوەی ٤ ساڵ هیچ دەورێکی باشی نادەنێ و ئەمەش وا دەکات کە هیچ دەستکەوتێکی مادی و مەعنەویی نەبێت. پاشان واز لە سینەمای تەقلیدی دەهێنێت، روودەکاتە سینەمای لاهووتی، یان ئەو فیلمانەی باسی لاهووت دەکەن. هەرجارەی دەورێکی لاهووتێک دەبینێت. ئەمەش وای لێ دەکات، کە لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، ناوبانگ دەربکات و بەتەوای ژیانی بگۆڕێت. ئیتر هەر لێرەوە جبریل فاریشتا دەبێتە یەکێک لە گەورەترین ئەستێرەی سینەمای هیندی. لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا هەموو هیندستان دەیناسێت و هەوادارێکی زۆری دەبێت. هەر

ئەم گۆڕانەش وای لێ دەکات، کە بەتەواوی بۆچوون بۆ ژیان بگۆڕێت.

بۆ نموونە باوەڕی بە خوا نامێنێت و، دەبێتە یەکێک لە لادەرانی ئاینی ئیسلام. دەست دەکات بە خواردنی گۆشتی بەراز و خواردنەوە. تا لە یەکێک لە ریستۆرانەکاندا، رۆژنامەنووسێک وێنەی دەگرێت و، تووشی سکاندالێکی گەورە دەبێت. لەوێوە بیر لە سەفەرێک بۆ دەرەوەی هیندستان دەکاتەوە. باشترین شوێنیش لەندەنی پێتەختی بەریتانیایە. کاتێک بەرەو لەندەن بەرێ دەکەوێت، فرۆکەکەیان لەلایەن شۆڕشگێرانی سیخەوە دەفڕێنرێت. ئەم شۆڕشگێڕانە دەیانەوێت، زۆر لە حکوومەتی هندی بکەن، تا هاوڕێکانیان لە زیندان بەربدەن. بەڵام حکوومەتی هندی هیچ وەڵامی داخوازییەکانیان ناداتەوە. ئەوانیش ناچار چەند گەشتیارێکی ناو فڕۆکەکە دەکوژن و، بەناچاری بەرەو لەندەن بەرێ دەکەون. لە کاتی نیشتنەوە لە لەندەن فڕۆکەکەیان دەکەوێتە خوارەوە. بەڵام جبریل فاریشتا و سەلاحەدین شمشا لەم کەوتنە خوارەوەیەدا، هیچیان لێ نایەت و دەکەونە ماڵی پیرەژنێکی ئینگلیزەوە.

ماوەیەکی زۆر لە لەندەن ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار بەسەر دەبات. هەر لە رێگەی ئەم سەفەرەشەوە سەلاحەدین شمشا دەناسێت. سەلاحەدین لە یەکێک لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی شاری بۆمبای لە دایک دەبێت. باوکی "شانجیر شمشا والی " یەکێکە لەگەورە بازرگانەکانی بۆمبای. سەلاحەدین لە ژیانێکی ئێجگار بەختەوەر و خۆشگوزەراندا دەژی. لێ ئەم بەختەوەرییەی هەتا کۆتایی نابێت. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا حەزی ژیانی لەندەن، تەواو ژیانی دەگۆڕێت. لەم تەمەنەوە "جنیەی ئەستەرلینی و کەشوهەوای فێنکی لەندەن"، دەبێتە تاقە ئاواتی ئەم. تا وا لە دایکی دەکات " نەسرین شمشا" باوکی رازی بکات، بۆ ئەوەی بچێت لە لەندەن بخوێنێت. ئەویش لەبەرخۆشەویستیی کوڕەکەی، رازی دەبێت و باوکی قەناعەت پێ دەکات. پاشان ئاواتەکەی دێتە دی و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی لەندەن دەخوێنێت.

سەلاحەدین هێندە شەیدای لەندەنە، هەموو هەوڵێک دەدات کە هندستان لە بیر بکات و، خۆی بکات بە ئینگلیزێکی تەواو. بەڵام زۆر رێگری بۆ دروست دەبن "راسزیمی ئینگلیزی"، گەورەترین رێگری دەبێت. بەڵام ئەو هەر نارووخێت و بەردەوام دەبێت. پاش ئەوەی قوتابخانە و زانکۆ تەواو دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ بۆمبای. بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە، زۆر نامۆ دەبێت بەژیانی بۆمبای و، رەخنە لە بچووکترین شت تا گەورەترین شت دەگرێت. ئەمەش خێزانەکەی بێ تاقەت دەکات. ناچار بۆمبای بەجێ دەهێڵێت و بەرەو لەندەن بەرێ

دەکەوێتەوە. لەوێ لە یەکێک لە بەرنامەکانی منداڵاندا، کار دەکات و ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکات. هەتا کەوتنە خوارەوەی ئەم فرۆکەیە، هەموو ژیانی دەگۆڕێت و ژیانی لێ تاڵ دەکات. تاماوەیەکی زۆر ئاگای لە خۆی نامێنێت. ژنەکەی وازی لێ دەهێنێت، دەچێت لەگەڵ پیاوێکی جوولەکەدا دەژی. ئەمەش هێندەی تر سەڵاحەدین شێت دەکات.

چیرۆکی دووەم، چیرۆکی ماهاوەند "یان محەمەد" کە پێدەچێت ماهاوەند کورتکراوەی ناوی محەمەد بێت، هەروەک چۆن لای خۆمان " حەمە بە سۆرانی، حەمێ بە هۆرامی" بۆ کورتکراوەی ناوی محەمەد بەکار دەهێنرێت، پێدەچێت هیندییەکانیش ماهاوەند لە جیاتی محەمەد بەکار بهێنن. بەهەرحاڵ ئەم چیرۆکە باسی ژیانی پێغەمبەر دەکات. هەر لەسەرەتای پەیامەکەیەوە لە مەککە، تا دەگاتە شەڕوپێکداادان و سەرکەوتنەکانی. لەم چیرۆکەدا جگە لە باسی پێغەمبەر، باسی چەندین یاوەریشی دەکات لەوانە "هەمزەی مامی، سەلمان فارسی، خەدیجە و ژنەکانی تریشی، عومەری کوڕی خەتاب، بیلالی حەبەشی، عەلی کوڕی ئەبی تالیب، هندی کچی ئەبو سوفیان، ئەبو سوفیان کە بەناوی ئەبوسمبل ناوی دەبات" بەڵام ئەوانی تر هەموو بەناوەکانی خۆیەوە ناویان دەهێنێت. بۆ گێڕانەوەی مێژووی پێغەمبەر، نووسەر واقیع و فەنتازیای تێکەڵاو کردووە. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە سەرلێشێواندنێک لای خوێنەر دروست دەکات. بە بڕوای من هەر ئەم تێکەڵاوییەشە، وای کردووە کە ئیسلامییە سەلەفییەکان تووڕە بکات و دژی بوەستنەوە. چیرۆکی سێیەمیش، چیرۆکی عائیشەیە. عائیشە کچێکی هەتیو دەبێت لە گوندی تیتلیبر دەژی، کە گوندێکی بچووکی هەژاری ئیسلامییە. پاشان ماڵی میرزا سەعید ئەختەر، عائیشە دەهێننە لای خۆیان و بەخێوی دەکەن. دەیبەنە کۆشکە مەزنەکەیان کەناوی "بیرستان" دەبێت. میرزا کابرایەکی دەوڵەمەند دەبێت، خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر دەبێت. ژنەکەشی میشال، عائیشەی زۆر خۆش دەوێت، زۆر بایەخی پێ دەدات. جگە لەمانیش عوسمان، کە کابرایەکی هندۆسی ساختەچییە، لەبەر بژێوی ژیان روو دەکاتە ئەم گوندە و، بەقەستی خۆی دەکات بە ئیسلام. عائیشە کەسایەتییەکە، تێکەڵاوێکی فەنتازیا و واقیع و سیحربازی و ئاینپەروەرییە. ئەم کچە شەوێکیان خەونێک دەبینێت، وا هەست دەکات کە قسە لەگەڵ فریشتەی خوا دەکات، هەر ئەوفریشتەیەش پێی دەڵێت، کە بەپێ خۆیی و گوندەکەیان بەرەوە مەککە بڕۆن بۆ ئەوەی بچنە بەهەشتەوە. ئەمیش هەموو گوندەکە قەناعەت پێ دەکات، هەموو بەرەو مەککە بەڕێ دەکەون.

لەم سەفەرەشدا، تووشی چەندین کێشە دەبن، وەکو " برسێتی و تینوێتی و، ئازاردان

لەلایەن خەڵکی هندۆسەوە، کێشمەکێشی پۆلیس، مردنی ناوەختی هاوڕێکانی". هەرچەندە میرزا زۆر هەوڵیان لەگەڵ دەدات، کە قەناعەتیان پێ بهێنێت، کە ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام کەس بە گوێی ناکات و هەموو دەکەونە دوای عائیشە. ئەویش لەبەر خاتری ژنەکەی ناچار دەبێت بە مارسیدیسە گەورەکەی دوایان کەوێت. کاتێک دەگەنە سەر دەریای عەرەب، بەقسەی عائیشە، خوا دەریاکەیان بۆ دەکاتە  دوو کەرتەوە، بەڵام کاتێک خەڵکەکە دەچێتە ناو دەریاکەوە هەموو دەخنکێن. میرزا سەعیدیش هیچی بۆ ناکرێت. ئەمەش کۆتاییی ئەم چیرۆکە دەبێت.

## میتۆدی نووسین

ئەم رۆمانە بەمیتۆدێکی پۆست مۆدیرنانە نووسراوە. بەشبەحاڵی خۆم، زۆر حەز بەم جۆرە نووسینانە ناکەم. هەموو رۆمانەکە، بەشێوەی فلاش باک، رووداو چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە. هەر ئەم میتۆدەش بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و کەسایەتییە زۆرەکانی ئەم رۆمانە بەکار دەهێنێت. ناخۆشییەکەی ئەوەیە، کە زۆر جار خوێنەر سەری لێ تێک دەچێت و ئەوەڵی باسەکەی لە بیر دەچێتەوە. بەگشتی بە شێوەیەکی ئاڵۆز و گران نووسیویەتی، زمانی نووسین و دەستەواژەکانی، زۆر قوورس داڕشتووە. کە ئەمەش زۆر کەم کەس حەزیان بەم جۆرە رۆمانانەیە. زیاتر ئەم رۆمانە، رۆمانی نوخبەیە، یان بە واتایەکی تر بۆ نوخبە نووسراوە.

## زمانی نووسین

دیارە من دەقە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەم دەستکەوت، کە ئەویش لە دەقە ئەڵمانییەکەوە، وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی. واتە لە زمانی یەکەمەوە نییە. لەبەر ئەوە کەمێک زەحمەتە قسە لەسەر زمانی نووسین بکرێت. لێ لە زۆر شوێندا دەستەواژەی جوانم بینی:

هەر دەبێت کۆن بمرێت، ئەگەر نا ئەوا هیچی نوێ لە دایک نابێت. ل٥٧

ئاو خیانەتێکی گەورەیە لە شارستانی سەحرادا .ل ٥٠

هەموو کاتێک بەدوای چاکەدا دەگەڕام، بەڵام ئەم کارە لەم زەمانەیەدا تاوانێکی گەورەیە. ل١٦٩

پارە باشترین خوایە لای بازرگان. ل ٢٤٨

هەتا نەمرین هەست ناکەین کە جیهان تاکە شوێنی ئێمەیە. ل ٢٨٠

## شوێن

لەم رۆمانەدا، چوار شوێن دیارن و، رووداوەکانی تێدا دروست کراوە. " بۆمبای، لەندەن، مەدینە، گوندی تیتلیبر". بۆ سێ شوێنیان، نووسەر توانیویەتی، بەشێوەیەکی باش وەسفی ئەم شوێنانە بکات و، بە خوێنەریان ئاشنا بکات. دیارە هەردوو شاری بۆمبای و لەندەن، بۆ نووسەر کارێکی ئاسان بووە. چونکە خۆی ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە. بەڵام بەنیسبەت شاری مەدینەوە، کە شارێکی عەرەبییە و نامۆیە بەو، کەمێک ئاڵۆزە. خاڵێکی تریش ئەوەیە، نووسەر باسی ئێستای مەدینە ناکات، بەڵکو باسی سەردەمی پێغەمبەر دەکات. لەبەر ئەوە هێندەی تر کارەکەی بۆ نووسەر ئاڵۆز کردووە. چونکە تۆ ئەگەر بتەوێت باسی شارێک بکەیت ئاسانە، بەڵام گەر باسی قۆناغێکی مێژوویی ئەو شارە بکەیت، هەروا کارێکی ئاسان نییە. بەڵکو پاشخانێکی زانستی گەورەی گەرەکە. کە بە بروای من لەم بوارەدا، نووسەر ئەو شارەزاییەی نەبووە، هەربۆیە لە زۆر شوێندا تووشی هەڵە بووە. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢١٢ دا باسی بۆردێلێک " شوێنی لەشفرۆشان" دەکات، کە لە نزیکی مەدینە بووە. ئەمەش هەڵەیە، چونکە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا، باسی ئەوە نەکراوە، کە لە مەدینە شوێنێکی ئاوا هەبوبێت.

## خاڵی پۆزەتیڤی ئەم رۆمانە :

ماوەیەکی زۆر بوو بەدوای رۆمانێکدا دەگەڕام لەسەر هندستان. دیارە رۆمان کلیلی چوونە ژوورەوەی هەموو وڵاتێکە. زۆر جار لە رێگەی رۆمانەوە، پیاو دەتوانێت وڵاتێکی نەناسراو بناسێت. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیم بوو، لەم رۆمانەدا سەلمان روشدی باسێکی ئێجگار نایاب و، وەسفێکی بێ ئەندازەی ژیان و کۆمەڵگەی هیندی کردووە. دەتوانم بڵێم، زانیارییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی هندستان

**رۆمان کلیلی چوونە ژوورەوەی هەموو وڵاتێکە**

**بەداخەوە سەلمان روشدی نەیتوانی رەخنەکانی بەشێوەیەکی ئووسوڵی بگەیەنێتە گێتی ئیسلامی**

**ئەم رۆمانە ئەم هەموو هەرایەی نەدەویست، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبووایە زۆر بەئاساییەوە پێشوازی لێ بکرایە**

نووسیوە. لە هەمان کاتیشدا وەسفێکی باشی لەندەنی کردووە. سەلمان روشدی لە رێگەی " جبریل فاریشتای هەژار و سەلاحەدین شمشای دەوڵەمەندەوە" پێمان دەڵێت، کە کۆمەڵگەی هندستان بەسەر دوو چینی دژ بەیەکدا دابەش بووە. چینێک کە خاوەنی هیچ شتێک نییە، برسێتی و نەخۆشی و کارکردنی زۆر، ناسنامەی ژیانیەتی. چینێکیش کە خاوەنی هەموو شتێکە، چڵێسی و خۆشگوزەرانی و تەوەزلی، ناسنامەیەتی. کاتێک باسی مردنی دایکی جبریل دەکات دەڵێت: " هەموو حەسرەت و ئازارەکانی مردنی دایکی، لەژێر کارکردنی بەردەوامی رۆژانە دفن کرد. لاپەڕە ١٧". " هەژارەکانی ئەم شارە، کاتێک دەمرن، هەست بە ئاسوودەیی دەکەن لاپەڕە١٨". کەچی دایکی سەلاحەدین لەبەر چڵێسی خۆی دەمرێت. کاتێک فڕۆکەکانی پاکستان بۆمبارانی شارەکە دەکەن، هەموو دەچنە سەردابەکەوە و خۆیان دەشارنەوە. بەلام دایکی واز لە خواردن ناهێنێت و ناچێتە خوارەوە. تا لە ئەنجامدا بەر هێرشی فڕۆکەکان دەکەوێت. میوانداری و شەوانی گۆرانی و سەمای ماڵی سەلاحەدین، وێنەیەکی تری ژیانی دەوڵەمەندەکانی ئەم وڵاتەمان دەدەنێ. لاپەڕەکانی " ٣٤، ٣٥، ٣٦". لە هەمان کاتیشدا دوو بۆچوونی جیاواز بە ئینگلیزمان پێ نیشان دەدات. سەلاحەدین کە زۆر هۆگری ئینگلیزە، کەچی دایکی ئینگلیز بە پیس دادەنێت چونکە قنیان بە ئاو ناشۆن!. لاپەڕە٣٣. لە هەمان کاتیشدا زینات کچە هونەرمەندی بۆمبای بۆچوونی دژ بەئینگلیز هەیە، بە سەلاحەدین دەڵیت " تۆ وەکو کۆیلەکان وایت، ئەوانیش خاوەنەکانیان خۆش دەوێت لاپەڕە٤٣". لە هەمان کاتیشدا زۆر بە جوانی باسی توێژی سیاسی ئەو وڵاتە مەزنەمان بۆ دەکات. لە لاپەڕە ٤١ دەڵێت " ئەم وڵاتە لەلایەن راجیف غاندی و چل چەتەکەیەوە حوکم دەکرێت " لێرەدا ئاماژەیە بۆ " عەلی بابای بەغدا و چل چەتەکەی هاوەڵی". دیارە سەلمان روشدی هەوڵێکی بچووکیشی داوە، کەمێک باسی وڵاتی بەنگلادیشیش بکات، ئەویش لە رێگەی محەمەد سوفیانی خاوەنی قاوەخانەی شاندارەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجم بوو، بەشێوەیەکی راستگۆیانە باسی بیروبۆچوونی خەڵکی عەوامی بەنگلادیش بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان دەکات. بۆ نموونە دەڵێت "زۆربەی بەنگلادیشییەکان، کۆمۆنیستەکانیان بە سۆزانی و کافر دادەنا و، خەڵکی ئیماندار رقی لێیان بوو. ١٦٤ ". لە هەمان کاتیشدا باسی دووفاقی کەسایەتی کۆمۆنیستە موسڵمانەکان دەکات، بۆ نموونە کاتێک میشالی کچی محەمەد پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ جۆنسونی هاورێیدا کەشف دەبێت، هەوڵی کوشتنی دەدەن. بەلام میشال لە ماڵەوە رادەکات ل١٧٩ . ئەمەش خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە کێشە گەورەکانی رەوەندی موسڵمان لە ئەورووپادا. لە

هەمان کاتیشدا ئەم مەسەلەیە زاڵبوونی کولتووری ئیسلامی بەسەر ئایدۆلۆجیای سیاسییەوە دەردەخات. کابرا لەسەر کۆمۆنیستی بەنگلادیشی بەجێهێشتووە، کەچی لەسەر مەسەلەی ناموسپەرستی هەوڵی کوشتنی کچەکەی دەدات.

لە هەمان کاتیشدا زۆر بە جوانی وەسفی پێوەندیی نێوان موسڵمان و هندۆس و سیخەکانی هندستان دەکات. ئێمە لە رێگەی کامێراکەی سەلمان روشدییەوە دەزانین، کە هندستان شامی شەریف نییە، هەروەک هەموو کاتێک سیاسییەکانی پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن. کاتێک لە لاپەڕە ٢٤٦ باسی بڵاوبوونەوەی پۆلیسێکی زۆر دەکات لە شارەکە، دەڵێت دەترسان دیسانەوە ئاژاوەیەکی تر لە نێوان موسڵمان و هندۆس دروست بێتەوە. یان کاتێک عائیشە و هاورێکانی دەگەنە شارەکە، خەڵکی شارەکە گاڵتەیان پێ دەکەن و، پەلاماریان دەدەن. هاوار دەکەن."موسڵمانە دەبەنگەکان، وەحشییەکان،شێتەکان...ل ٢٥٣". وەسفێکی تری کامێراکەی سەلمان روشدی، کە زۆر بەدڵم بوو. باسێکی مەزنی مەسەلەی راسیزمی ئینگلیزی و پەلاماردانی بێگانە لەو وڵاتە دەکات. لە لاپەڕە ١٧٧ دا لە زاری ئاناهیتاوە دەڵێت: " هەموو ئەم سیاسەتە فاشیانە، لە ئەنجامی سیاسەتەکانی تاتشەرەوە سەری هەڵداوە". لە لاپەڕە ١٩٢ دا، باسی بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی فاشیستەکان دەکات، کە بەسەر دیوارەکان هەڵواسراوە، داوای دوورخستنەوەی بێگانە دەکەن لە شارەکەدا. لە لاپەڕەکانی ٢٤٠ و٢٤٤ باسی هاتنی گرووپی فاشیستی ئینگلیزی دەکات، بۆ چایخانەکەی شانداری و، پاشانیش لە شەوێکدا دەیسووتێنن.

## خاڵی نێگەتیڤ

### سووکایەتیکردن بە سیخ و موسڵمانەکانی هندستان

سیخەکانی هندستان یەکێکن لەو کەمە نەتەوە زۆرانەی کە لە هندستاندا دەژین. لە پاش رزگارکردنی هندستانەوە، خەباتی رزگاریخوازی لە دژی هندۆسەکان دەکەن. لە ساڵانی حەفتاکاندا، بەدڕندەترین شێوە لەلایەن ئەندێراغاندییەوە پەلامار دران. کەچی سەلمان روشدی دێت، وەسفێکی نێگەتیڤی ئەم گەلە دەکات. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٥٣ دا، کە باسی فڕاندنی فڕۆکەکە دەکات، سیخەکان وەکو وەحشی دەشوبهێنێت. وا پیشان دەدات، کە سیخەکان کەسانی دڵڕەق و نامەردن، چونکە بەشێکی زۆری گەشتیارەکان دەکوژن. بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە هیچ کاتێک سیخەکان شتی وایان نەکردووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە کاری گرووپە چەتەکانی یاسرعەرەفات و هاوەڵەکانی بوو، کە خەریکی فڕۆکە فڕاندن بوون.

## سووکایەتی و شێواندنی مێژووی ئیسلامی

کاتێک رۆمانێک باسی قۆناغێکی مێژوویی دەکات، دەبێت زۆر بەڕاستگۆیانە باسی ئەو قۆناغە بکات. نابێت رووداو راستییەکان بشێوێنێت. رۆمانی مێژوویی یان دەبێت پشت بە فەنتازیا ببەستێت، یان دەبێت پشت بە سەرچاوەی مێژوویی ببەستێت و، واقیعەکە بەتەواوی بگێڕێتەوە. بۆ نموونە گەر سەیری رۆمانی "اولاد حارتنا"ی نەجیب مەحفووز بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی فەنتازی جوان، مێژووی پێغەمبەرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. نەجیب مەحفووز ناوی هیچ پێغەمبەرێکیان ناهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئەدەبی بەرز باسی ژیانی پێغەمبەرەکان دەکات. بەڵام سەلمان روشدی وا ناکات، بەڵکو هاتووە بە ناوی کەسەکانەوە مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە و، بەئارەزووی خۆشی دەیشێوێنێت. بۆ نموونە لەم رۆمانەدا هەموو کەسەکان بەناوی خۆیانەوە بانگ دەکرێن لەوانە "عائیشە، هەمزەی مامی، سەلمان فارسی، خەدیجە و ژنەکانی تریشی، عومەری کوڕی خەتاب، بیلالی حەبەشی، هندی کچی ئەبوو سوفیان، ئەبو سوفیان کە بەناوی ئەبوسمبل ناوی دەبات، عەلی کوڕی ئەبی تالیب ". کە تۆ دێیت باسی کەسایەتییەکی مێژوویی دەکەیت، دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوەی مێژوویی ببەستیت و، نابێت هەر لەخۆتەوە مێژوو بشێوێنێت. سەلمان روشدی هاتووە واقیع و فەنتازیای تێکەڵی یەکتر کردووە. زۆر بە سەلیقەوە سووکایەتی بە موسڵمانان و مێژووەکەیان دەکات.

## چەند راستییەکی مێژوویی شێوێنراو:

- بە پێی قسەی سەلمان روشدی بێت، پێغەمبەر نەوەی حەزرەتی ئیبراهیمە. بەڵام ئەمە راست نییە. لاپەڕە ٦٤. پێغەمبەر لە خێڵی قورەیشی عەرەبییە، نەک لە نەوەی ئیبراهیم خەلیلی پێغەمبەر، کە نەوەکانی بە حەنیفییەکان ناو دەبران.
- بەپێی گێڕانەوەکەی سەلمان روشدی بێت، گوایە شەیتان پێغەمبەر دەبات بۆ قودس و لەوێ بۆ ئاسمان دەچن و چاوی بە خوا دەکەوێت. لاپەڕە٧١. ئەمەش هەڵەیە، چونکە پێغەمبەر لەگەڵ جبرائیلی فریشتەدا ئەم سەفەرە دەکات.
- بەپێی قسەی سەلمان بێت، هند ژنی ئەبوسوفیانە. بەڵام راستییەکەی هند کچی ئەبوسوفیانە. لە هەمان کاتیشدا سەلمان پێیوایە، کە ئەبوسوفیان پیاوێکی ئاست نزمە و پیاوی بێگانە بۆ ژنەکەی دەدۆزێتەوە لاپەڕە ٦٩. کە ئەمەش دوورە لە راستییەوە، چونکە ئەبوسوفیان پیاوێکی دەوڵەمەندی شاری مەککە بووە، لە هیچ سەرچاوەیەکی

مێژووییشدا باسی شتی وا نەکراوە.

- یان دەڵێت پێغەمبەر و هند پێکەوە دەخەون و کاری سێکسی دەکەن. لاپەڕە ٨٢. ئەمەش هەڵەیەکی ترە کە سەلمان دەیکات. چونکە شتی وا نەبووە، هند دوژمنی گەورەی پێغەمبەر بووە.
- سەلمان دەڵێت، گوایە پێغەمبەر سازشێکی لەگەڵ ئەبوسوفیان کردووە، کە پێغەمبەر رازیبووە بە سێ پتی ئەوان " السقاء، المهاجر، العبد"، لە بەرامبەردا ئەبوسوفیانیش ئیمان بە خوای ئەو بهێنێت. لاپەڕە ٧٠. ئەمەش دوورە لە راستییەوە. چونکە لە هەموو ژیانی پێغەمبەردا سازشی وای نەکردووە.
- سەلمان روشدی وا باس دەکات کە پێغەمبەر و شەیتان لە ئەشکەوتی حەرا زۆرانبازی دەکەن، شەیتان پێغەمبەر دەدا بەزەویدا. پاشان ئایەتەکانی لێ دەگۆڕێت و ئایەتی خۆی دەداتێ. هەرناوی کتێبەکەش بەناوی ئەم ئایەتانەوەیە. لاپەڕە ٨٤.
- بەپێی قسەی سەلمان بێت، پێغەمبەر و سەلمان فارسی پێکەوە تێک دەچن. لە زاری سەلمان فارسیشەوە هۆکاری تێکچوونیان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە سەلمان فارسی خۆی ئایەتەکانی دەنووسێتەوە و بەهەڵەش چاپی کردوون. کاتێک پێغەمبەر پێی دەزانێت دەری دەکات. هۆکاری دووەمیش، مەسەلەی فرەژنی پێغەمبەر بووە، چونکە سەلمان فارسی ئامۆژگاری دەکات کە هێندە بەدوای ناموسی خەڵکییەوە نەبێت. لاپەڕە ٢١٧. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە شتی وا رووی نەداوە.
- لە لاپەڕە ٢١٢ باسی بۆردێلێک دەکات کە لە دەرەوەی شاری مەککە هەبووە. لەم بۆردێلەدا ١٢ ژنی لەشفرۆشی تێدا بووە. پاش ئەوەی شاعیرە شێتەکەی مەککە دێتە ئەم بۆردێلەوە، خۆی دەکاتە مێردی هەموویان و ناویان بۆ ناوی ژنەکانی پێغەمبەر دەگۆڕێت. لێرەدا سەلمان دەیەوێت ژنەکانی پێغەمبەر بە لەشفرۆش لە قەڵەم بدات، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا سووکایەتییەکی قێزەونە. باشترە نووسەر خۆی لە کاری ئیستفزازی دوور بخات، چونکە ئەم کارانە هیچ سوودێک بە ئەدەب و مرۆڤایەتی نابەخشێت.

## دەرئەنجام

ئەوەی بە ئاشکرا دیارە، سەلمان روشدی کاریگەری دوو رۆماننووسی گەورەی جیهانی پێوە دیارە. یەکەمیان جۆرج ئۆریل، کە خاوەنی هەردوو رۆمانی مەزنی ١٩٨٤ و کێڵگەی ئاژەڵەکانە. دووەمیان نووسەری میسری نەجیب مەحفوز، کە خاوەنی رۆمانی

"اولادحارتنا"یە. جۆرج ئۆریل لە هەردوو رۆمانەکەیدا، بەشێوەیەکی فەنتازی وساتیرئامێز، رەخنەی توند لە رژێمی ستالینی دەگرێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم دوو رۆمانە لە سەردەمی جەنگی ساردا، رۆڵێکی ئێجگار قێزەونیان بینی، بوون بە کەرەستەیەکی سەرەکی پروپاگەندە دژی سۆڤێت. بە بۆچوونی من سەلمان روشدی سوودی لە ئەزموونی هەردوو رۆماننووس وەرگرتووە، بەتایبەتی کاریگەریی ئۆریل زۆر دیارە بەسەریەوە. ئەمیش ویستوویەتی هەروەک چۆن ئۆریل لە رۆمانی ١٩٨٤ و کێڵگەی ئاژەڵەکان، رەخنەی توندی ئاڕاستەی سۆڤێت کردووە، ئەمەیش بە هەمان شێوە ویستوویەتی رەخنەی توند ئاڕاستەی گێتی ئیسلامی بکات. من زۆر دڵنیام، سەلمان روشدی مەبەستی سەرەکی لەم رۆمانەی، دژایەتی ئاینی ئیسلامی بووە. چونکە بەشێکی زۆری رۆمانەکە باسی ژیاننامەی پێغەمبەر دەکات. زیاتر لە دەیان جار ناوی شەیتان لەم کتێبەدا نووسراوە. لێ بەداخەوە سەلمان روشدی نەیتوانی رەخنەکانی بەشێوەیەکی ئووسوڵی بگەیەنێتە گێتی ئیسلامی، بەڵکو ئەم رۆمانە بوو بە کەرەستەیەکی نەگریس، بەدەستی فاشیستەکانی رۆژئاواوە، بۆ ئەوەی سووکایەتی بە گێتی ئیسلامی بکەن. دیارە ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی لە گێتی ئیسلامیدا دروست کرد. بەتایبەت پاش ئەوەی کە رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران خومەینی، فەتوای کوشتنی نووسەر و سووتاندنی کتێبەکەی دەرکرد. ئەم کتێبە جگە لە دروستکردنی ئاژاوەیەکی گەورە، هیچ سوودێکی تری نەبوو. بۆچی؟ چونکە نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دژی بیری سەلەفییەتی ئیسلامی بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بزاڤی ئیسلامی هێندەی تر گەشەی سەند. لە پاش ئەم رۆمانە، خومەینی هێندەی تر پایەی خۆی لە گێتی ئیسلامیدا زۆر کرد. هەڵمەتی کوشتن و فەتوای کوشتن بۆ نووسەران لە گێتی ئیسلامیدا پەرەی سەند. بۆ نموونە هەر پاش ئەم کتێبە " مەهدی عامل، حوسێن مەروە لە لوبنان شەهید کران " لە کوردستانیش " عەبدولخالق مەعروف و سەلاح هۆرامی، لە هەولێر شەهید کران ". جگە لەوەش هەتاوەکو ئەمڕۆ، هەڵمەتی تیرۆری نووسەرانی پێشکەوتنخواز بەردەوامە. لە هەمان کاتیشدا سەلمان روشدی دەرگەیەکی خراپی بۆ چەند کۆلکە نووسەرێکی بێ سەواد لە گێتی ئیسلامیدا کردەوە، بۆ ئەوەی بەناوی دژایەتی ئیسلامەوە، ناوبانگ پەیدا بکەن و لە رۆژئاواش خەڵات بکرێن.

هەربۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەم رۆمانە ئەم هەموو هەرایەی نەدەویست، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبووایە زۆر بەئاساییەوە پێشوازی لێ بکرایە.